# لەسایەی وێنەکانی بەشار ئەسەددا

**عومەر جەلال-سوریا**

یەکێك لەو دیاردانەی کە دیکتاتۆریەتی  پێ ەناسرێتەوە سەپاندنی بلاّوکردنەوەی وێنەیە لەهەموو دەستگاکانی حکومەتدا ,بۆ وێنە کەسێکی وەك صەدام حسێن کە بە ئارەزووی خۆی لە هەموو شوێنێك پەیکەر و وێنەی خۆی تێدا دادەنا ئەویش یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی کە ترسی ڕوخانی هەبێت و بە تۆبزی وێنەکانی بلاّو دەکرانەوە ,وەکو دەزانین کەسێکی وەکو بەشار ئەسەد هیچی کەمتر نییە لەو دیکتاتۆرە  و هەمان ریگای حیزبی بەعسی گرتووە بۆ چەوساندنەوەی گەلەکەی و بەتایبەتی کوردەکان ,هەکەسێك بەهەر شارێکی وەکو دیمەشق یان حەلەب یان هەر گوندێکی نزیك عفرین یان قامشلو یان هەرشوێنێکی سوریا گوزەر بکات بێگومان بەئەندازەیەکی زۆر شوکێکی گەورەی دێتە رێ بەرانبەر ئەو هەموو وێنەیە ,نابینیت تەنانەت دوکانێك یان ئۆتۆمبێلێك  بە بێ وێنەی بەشار ئەسەد تەنانەت زۆر جار پایسکل و گالسیکەیش دەبینیت بە وێنەی بەشار ئەسەد گیراوە.بێگومان ,سیستەمی دیکتاتۆری هەرگیز هەتا کۆتا بڕناکات ئەوەی ئەمڕۆ لە سوریا دەبینرێت هیچی کەمتر نییە لە سیستەمی بەعسیزم لە عێراقی پێشوو .گەورەترین کێشەی رۆژهەلاّتی نێوەراست بێگومان دەستی سوریای تێدایە ,هەرلە کوشتنی حەریری و جەنگی ئەم دوایەی فەتح و لئیسلام و تەنانەت هاندانی ئێران بۆ پیدانی یۆرانیوم و یارمەتی دانی حیزبولاّ و تەنانەت تادەگاتە کێشەی فەتح و حەماسی فەلەستین ,ئەوەی گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ڕێز نەگرتنە لە مافی کورد یان بە مانایەکی دی چەوساندنەوەی کولتووری کوردییە  لەو  سوریا تەنانەت زۆر بەدەگمەن جلوبەرگی کوردی دەبینیت یان ئەو کەسانەی کە کوردن هەرگیز بە کوردی نائاخاڤن, من چەندین جار لە لەو شوێنانەی کە سەردانم کردوون پاش چەند خولەکێك  قسەکردن لەتەکیان و خۆ ناساندنم ئینجا توانیویانە بڵێن من کوردم زۆرینەیان تا ماڵئاوای لێدەکەت و پاش چەندین خولەك دیالۆك لەگەڵیان شوناسی خۆیان ئاشکرا ناکەن دیارە ئەمانە چەند هۆکارێکن ترسیی گەورەی لای هاولاّتیە کوردەکان درووست کردووە تەنانەت شوناسی کوردبوون لە سووریا لە دامەزراندن و سەفەر و خوێندنیش کێشەی زۆری بە دواوەیە .

ئابووریەکی وێران و دەسەلاّتێکی دیکتاتۆر لە سووریا کاردانەوەی نێگەتیڤی هەیە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد لە شارە کوردییەکان ئەوەی لە یاریگەی قامشلو رووی دا و کوشتنی مامۆستایەکی ئایینی کورد هیچی کەمتر نییە لە دووبارە کردنەوەی هەمان سیستەمی بەعسزم.

وێنەکانی بەشار ئەسەد زۆرن بەئەندازەی هەموو دانیشتوانی سووریا ئەگەر زۆر تر نەبن کەمترنین هەروێنەیەکی ئاماژەیە بۆ تاوانێکی گەورە کە دەیکات ,ئەوەی سوریای ئەسەد و عێراقی سەدامی پێشووی بەیەکەوە دەبەستەوە ئەو هەموو داهاتەیە کە بە وێنە بە فێڕۆ دەدرێت و ئاماژەی ترسناك نیشان دەدات.

---

لە هەفتەنامەی (ئاوێنە) ژمارە (76)ی  2007/7/2 بلاّوبووەتەوە